# دیپلۆدوکوس
# Diplodocus= dip – low – doh – cuss

وشەی دیپلۆدوکوس بە مانای دوو تیغەیی یە؛ هۆی ئەم ناوەش بوونی دوو تیغەی ئێسقانیی بەرامبەر بە یەکتر بووە لە حاستی بڕبڕەی پشتی ئەو گیاندارە دابوون.



## تایبەتمەندی :

دیپلۆدوکوس، یەکێک لە درێژترین گیاندارانی گیاخۆری ویشکانییەکانی سەردەمی خۆی بووە. تایبەتمەندیی ئەو گیاندارە، ملی یەکجار زۆر درێژ و کلکی فرە بەتوانای بووە. درێژایی دیپلۆدوکوس ـ ەکان لە تەپڵی سەریانەوە هەتا بنەبانی کلکیان نزیک بە (27 مەتر)، ملی درێژیان (8 مەتر) و کلکیان نزیک بە (14 مەتر) بووە.
لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو چەشنە دایناسۆرە، سەر و سەکوتی لە ڕادەبەدەر بچووکیان بووە.
هەروەها لە خوێندنەوەی چەرمی فۆسیلەبووی دیپلۆدوکوس، دەرکەوتووە کە سەر پشتییان دڕوو دار بووە.



تایبەتمەندیی دیپلۆدۆکوس ـ ەکان کلک و ملی درێژیان بووە، کە لە نێو دایناسۆرەکانی هاو سەردەمی خۆیان دا هەڵکەوتەیەکی تایبەت بوون .



سەر و سەکوتی بچکۆڵانەی دیپلۆدۆکوس ـ ەکانیش یەکێک لە تایبەتمەندیی ئەو گیاندارە بووە لە نێو دایناسۆرەکاندا .

کێشی دیپلۆدوکوس ـ ەکان نێوانی ( 10 هەتا 20) تۆن(تەن) مەزەندە دەکرێت. دوو قاچی پێشوویان لە قاچەکانی دواوەیان قوڵەتر بوونە و هەر چوار قاچەکانیشیان بە چەشنی قاچی فیل ، پێنج قامکی بوون.



دوو قاچی پاشووی دیپلۆدۆکوس ـ ەکان درێژتر لە دووی پێشوویان بووە و هەر چوارقاچەکانیان ، چەشنی قاچەکانی فیل ، پێنج قامکی بوون .

ددانە تیژ و بزمارییەکانیان لە بەشی پێشەوەی دوو شەویلکەیان، هەر ڕاست لە ژێر لچ و لێوەکانیان دا جێگیر بوونە و لە بەشی پشتەوە دا هیچ ددانێکیان نەبووە.



## خورد و خۆراکی دیپلۆدوکوس:

دیپلۆدوکوسەکان گیاخۆرانێک بوون، کە بەهۆی ملی درێژیانەوە دەستیان بە سەر توول و سەرچڵووکی هەموو دار و دەرختانێک دا ڕاگەیشتووە.



دیپلۆدوکوس، بە یارمەتیی ددانە بزمارییەکانیانەوە هەمە چەشنە گژ و گیا و گوڵ و بەرگ و بەری دار و درەختانیان خواردووە، بەتایبەت لە دەور و بەری دارستانە سنەوبەرەکاندا ماونەتەوە و لە گەڵا و چڵوک و دەنک و دانیان کەڵکیان وەرگرتووە. دیپلۆدوکوس ـ ەکان یەکجار زۆر بە خۆراک بوون. زۆرخواردنەکەیان لە بەرێک ، لە لایەکی تریشەوە چونکە بە شێوەی ڕەوە و بە کۆمەڵ پێکەوە ژیاون، زۆرجاران بوونەتە هۆی تەواو کردنی گژ و گیا و، کز و کەم کردنەوەی لک و پۆی دار و دەرختان. بۆیە زۆرجار ناچار بوون، ماوە بە ماوە ، شوێنی لەوەڕی خۆیان بگۆڕن و جێ لەوەڕی قەڵەوتر بدۆزنەوە.




دیپلۆدۆکوس گیاندارێکی گیاخۆر بووە، کە بەهۆی زۆرخۆری و ژیانی تێکڕاییان ، زۆر زوو دارستانی مەڵبەندێکیان ڕوتاندۆتەوە و ناچار بە کۆچکردن بوون.

## سەردەمی ژیان و گەشەی دیپلۆدوکوس :

دیپلۆدوکوسەکان لە دەورەی ژوراسیک Jurassic ، واتە نزیک بە 155 ملیون ساڵ بەر لە سەردەمی ئێستا دا ژیاون.




## مەڵبەندی جوگرافیایی فۆسیلی دیپلۆدوکوسەکان:




ساڵی 1877 دوو دێرینەناس بە ناوەکانی (ئیرل داوگلاس) و (ساموەل ویلیستۆن) توانیویانە شوێنەواری ئەم چەشنە دایناسۆرە لە کوێستانەکانی (راکی)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە (کۆلۆرادۆ)، (مۆنتانا) ، (ئۆتاوا) و (وەیمینگ)

بدۆزنەوە. دواییش پسپۆڕێکی دێرینەناس بەناوی(ئۆتنەیل مارش) لە ساڵی 1878 دا، ناوی لێ ناون.



ئێرل داوگلاس



سامۆەل ویلیستۆن



ئۆتنەیل مارش

چەند نموونە لە فۆسیلی دیپلۆدۆکوس :






فۆسیلی دیپلۆدوکوس



فۆسیلی کاژەڵەی سەر و دوو
شەویلکە و ددانە بزمارییەکانی
دیپلۆدوکوس .

...............................